www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-7-2006 2:26

# دەوڵەتی قانوون = تەڵاقدانی حیزب ... بەهێز حوسێن

Bahez2005@yahoo. com



لە زیاتر لە بۆنەیەکدا جەنابی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگەشەی دامەزراندنی دەولَەتی یاسا و بە دامەزراوەیی کردنی دەزگاکانی کوردستانی کردووە، ئەمەش لە پێناو باڵادەستی و سەروەرکردنی یاسابووە لە کوردستان، من بۆخۆم پشتیوانی تەواوی ئەم بانگەشەکردنە دەکەم و ئومێدەخوازم رۆژێك بێت من نا، بەڵام مناڵەکانم دەوڵەتێکی پڕ لە یاسا ببینن.
پێموایە بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی دەسەڵات و حکومەتی یاسایی داننانێکی راشکاوانەیە بە ژیان لە نێو دەوڵەتێکی بێسەر و بەر و فەوزادا، ئاشکراکردنی ئەو راستییەیە کە لە کوردستاندا یاسا سەروەر نییە و دامەزراوەیی بوونی دامودەزگاکان بوونی نەبووە و پێویست بە گۆڕینی سستمی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی دەکات.
بێگومانم لەوەی یەکەم و سەرەکیترین هەنگاو لەم رێگەیەدا جیاکردنەوەی تەواوەتی حیزبە لە حکومەت، سەربەخۆبوونی حکومەت و دامودوزگاکانێتی لە بریاری حیزب، چونکە هەمووومان باش دەزانین حیزب و کادێرەکانی و عەقڵی حیزب وەك مخۆرکە کەوتوونەتە داخوراندنی جەستەی حکومەت و لە ئاکامیشدا سەراپای وڵات و بوونەتە مایەی گەندەڵی دارایی و ئیداری و ئیفلیجبوونی خزمەتگوزارییەکان و نەگەیشتنی بەخەڵك.
بەڵام پرسیاری جدی ئەوەیە کە ئاخۆ حیزب قایل دەبێت حکومەت تەڵاق بدات؟ و لەجێی دەوڵەتی حیزب دەوڵەتی قانوون دابمەزرێت؟
گومانم هەیە، چونکە بە درێژایی ساڵانی رابردووی حوکمدارێتی حیزب لە کوردستاندا، داموودەزگاکانی حکومەت سەرچاوەی گەورەی دارایی و کەسبکردن و هەژموون بوون بۆ حیزبئەو حیزبانەی کە مشەخۆرانە لەسەر حکومەت خۆیان ژیاندووە و بە پێدانی ئیمتیازی وەزیفی و خزمەتگوزاری نادادوەری و موچەبرینەوە گەشەیان بە رێکخستن و کۆکردنەوەی لایەنگرانیان کردووە لە حاڵی قایل بوونیان بە جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت، ئەوا پێموایە دوا گوللەی بەزەیی بە تەپڵەسەری خۆیانەوە دەنێن.
ئەوان خۆیان باش دەزانن کە ئەگەر رێگە بدەن بە سەروەری یاسا، واتە قایل بوونیانە بەوەی بخرێنە بەردەم دادگا و لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت دەربارەی ئەو هەموو بێ یاسایی و گەندەڵی و ناهەقیانەی کردوویانە!کە بە هۆیانەوە خەڵکی ئەم وڵاتەیان گەیاندۆتە لێواری مەرگ.
لەو باوەڕەشدانیم جارێکی تر حیزب قایلبێت بەوەی بکەوێتەوە ئابوونە کۆکردنەوە و بێوەژن کۆشی، تازە دەستبەرداری خرکردنەوەی پارەی پرۆژەکان نابن... چۆن دەستبەرداری موتەفەریغکردنی کادیری حیزبی دەبن کە مووچە لەسەر دەوڵەت وەرگرن و کار بۆ حیزب بکەن؟
ئەگەر ئەمە نەبی چۆن کادیر قایل بکەن کاریان بۆ بکات و بەچی مووچەیان بدەنی؟ خۆتازە ئەوان خەڵکی حیزبیان فێرە مووچەی باش و زەوی رۆکن و کرێخانوو کردووە، بڕوام نییە گەر لێیان ببڕن ئامادەبن کار بۆ حیزب بکەن.
ئێوە دەزانن لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و پەرلەمان و پارێزگاکاندا، حکومەت کە لەژێر هەژموونی حیزبدا چەند خزمەتی بەکاندیدی حیزب کرد؟ نەوتی پرۆژە تایبەتییەکان بۆ دەنگ کرین ئەبەخشرایەوە، دامەزراندن لەسەر بنەمای وەلائی حیزبی لە فەرمانگەکانی حکومەت، مولیدەدان بە مزگەوت و قیرتاوکردنی فلانە شەقام لە و سەر بوودجەی حکومەت هەرهەمووی بۆ کرینی دەنگ بوو!؟

ئۆتۆمبیلەكانی فریاكەوتن و ئەمبولانس و موسەلەحەكانی ئاسایش و پۆلیسیش هەرهەموو وێنەی كاندیدی لە خۆیان نابوو.. چۆن حیزب لێدەگەڕی ئەمانەی لێبسەنرێتەوە؟ ئەی ئەگەر ئەوانە نەبی لە هەڵبژاردنی داهاتوو چۆن بیباتەوە؟

ئەوە ئێمەی هاوڵاتی ڕەشوڕووتین كە داوای دەوڵەتی قانوون دەكەین نەك بكرێت بەمنەت بە سەرمانەوە، ئێمەین داوای تەڵاقی دایكمان لە باوەپیارەی حیزب دەكەین، بەڵكو ئەمە خوایە حكومەت ئەوەی لە هەگبەكەیدا ماوە و حیزب چۆڕی لێ نەبڕیوە بیداتەوە بەخەڵك.

كاركردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و موئەسەساتی جورئەت و لە خۆبردووی دەوێت، پێویستە نمونەی كاك مەسعود بارزانی خۆیان لە نێوان حیزب و حكومەت، بەرژەوەندی حیزب و بەرژەوەندی خەڵك یەكلایی كردبێتەوە ئینجا بڕیاری لەوجۆرە بدەن!.